# دەوری ژنان لە ڕێبەرایەتی حیزبە کوردییەکاندا

## بەشی یەکەم

یەک لەو خاڵانەی لە دەستەبەربوونی ماف و ئازادییەکانی ژنان و هاتنەدیی کۆمەڵگایەکی پابەندی یەکسانیی ڕەگەزیی، دەورێکی بەرچاوی هەیە ، بەشداریی خودی ژنانە لە گۆڕەپانە سیاسییەکاندا."بۆ کوردستان" سەبارەت بە ڕادە و شێوازی دەوری ژنان لە سەر ژیان و بڕیاراتی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی لە ئاستی ڕێبەرایەتیی حیزبەکاندا، وتوێژی لەگەڵ دەستەیەک لە چالاکانی بوارەکانی سیاسەت و ماف و ئازادیی ژناندا پێکهێنا.


هامنۆ نەقشبەندی

باس لەسەر پێگەی ژنان لە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسیی حیزبە کودییەکاندا، دەسپێکی وتووێژەکەمانی پێکهێنا. خاتوو "زێنەب حسەینی،" بەرپرسی کۆمیتەی ژنانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، تیشکی خستەسەر ئەزموونی ریکخراو و حیزبە پێشکەوتوەکانی جیهان و وتی :" ژنان تا ڕادەیەک نەخشی کارایان هەبووە و بە پێی ئامادە بوون و حزووریان لە سیاسەت و ئەندام بوونیان لە ناو جوڵانەوەکاندا کاریگەریی خۆیان هەبووە. بە شێوەیەکی گشتی و بە بەراورد کردنی بوونی ژنان لە ناوەندی دەسەڵاتی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان و ئێران و جیهان، ژنان توانیویانە پلە بە پلە و هاوشان لەگەڵ پیاوان بۆ ناوەندی بڕیاردان لە حیزبدا بڕۆنە پێش و ئەو بەربەست و لەمپەرانە تێك بشكنن و وەلایان بنێن كە پێشتر خرابووە بەردەمیان."

خاتوو "هێرۆ جەلدیانی،" بەڕێوەبەری یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پێش ئەوەی بڕواتە نێو باسەکەوە، ئامازەی بە "پێکهاتەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی" کرد و وتی:"مرۆڤ (بە پیاو و ژنەوە) یەك پێناسەیان هەیە، هەردووکیان (مرۆڤن). لە سەرەتای دروستبوونی سروشت و جیهان ئەو دووانە پێکەوەبوون و ژیانی مرۆڤایەتییان ڕاگرتووە. " " هێرۆ" باسی لەوە کرد کە لە قۆناخە جیاجیاکانی مێژووی جیهاندا، "ژنانی بەناوبانگمان کەمتر لە پیاوان نەبووە" و ژنان لە "ئاڵوگۆڕە خۆش و ناخۆشەکانی جیهاندا" دەوریان هەبووە . لە درێژەدا، بەڕێوەبەری یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران وتی:" ئەو نەخشەی ژن هەیبووە، بە کزی باسی لێوە دەکرێ" و " ڕاپەڕینی ژنان لە ئەمریکادا بە ڕێبەرایەتیی کلارە زتکین ،" بە نموونەیەکی بەرچاوی دەوری بەهێزی ژنان دایە قەڵەم.

خاتوو هێرۆ، نەخشی ژنانی لە گۆڕەپانی خەباتی کوردەواریدا بە دیار و بەرچاو زانی و ئامارەی بە ئامادەبوونی ژنان لەسەر گۆڕەپانە سیاسییەکان، لە دەورانی کۆماری کوردستان و ئێستای حیزبە سیاسییەکاندا کرد و ڕایگەیاند:" لە کۆماری کوردستاندا بە ژنان ئەو مەودایە درا کە بۆخۆیان ڕێکخراوەیەك دروست بکەن و بێنە نێو گۆڕپانی خەباتەوە. لە سەردەمی ئێستاشدا بە خۆشییەوە هەموو حیزبە کوردستانییەکان ئەو بوارەیان بە ژنان داوە کە بێنە نێو چالاکیە سیاسیەکان" هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە" دنیای ئەمڕۆ وا دەخوازێ."

بەڵام بەپێچەوانەوە، خاتوو "کوێستان فتووحی" کادری ناسراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران، ڕەتی کردەوە کە لە حیزبە سیاسییەکاندا بوار بۆ ژنان ڕەخسابێ بۆ ئەوەیکە پێگەیەکی شیاویان لە نێو دەسەڵاتی سیاسیدا هەبێ و وتی:"


زێنەب حسەینی

ئەمن تا ئێستا پرێنسیپێکی یەکسانیخوازم بە پراکتیك لە نێو بەشی هەرەزۆری حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا نەدیوە، تا ژنان بواریان بۆ بڕەخسێ و پێگەیەکی شیاو لە نێو دەسەڵاتی سیاسیی حیزبەکاندا وەدەست بێنن."

هەروەها خاتوو کوێستان ئاشکرای کرد کە بە هۆی "ڕەنگدانەوەی روانگەی پیاوسالاری لە نێو حیزبەکاندا، دەنگو بوونی ژن لە سیستەمە بەڕێوەبەرییەکەیاندا نوقم بووە و شاردراوەتەوە." ناوبراو، بەگشتی هێزە سیاسییەکان و بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی خستە ژێر باس و وتی:" ئەگەر چاو لە دروشم و بڕیاراتی هەر حیزبێك دەکەی( بە عیلمانی و ئیسلامییەوە) دروشمی هەبووە، بەڵام بە هەموو ئەمانەوە ئەو بەشدارییە لە ناوەندی دەسەڵاتدا کەمە؛ لە هەندێ حیزبدا هەر بە گشتی ژن هیچ پێگەیەکی نییە و ژنان بەشدارییان نەکردووە و بە ڕای من لاوازە."

لە لایەکی دیکەوە، خاتوو هامنۆ نەقشبەندی، سکرتێری مەجلیسی گشتیی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی PAK کە هاوکات ئەرکی یەکسانیخوازییان تێیدا گونجاندوە، بەڵام کە چاو لە واقعی ناو ریزەکانیان دەکەی، زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ دروشمەکانیان. بۆ نموونە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بۆخۆم تێیدا ئەندامم." پاشان خاتوو کوێستان فتووحی داوای کرد حیزبەکان و ئەندامەکانیان "بەدوای هۆکاری ئەو پرسەدا کە ئەمڕۆ داوێنی زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی گرتۆتەوە بگەڕێن" و ڕاشیگەیاند:" لە ماوەی ئەو سێ دەیەی هاتنە سەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، زۆر ژن و کچی بە جورئەت ڕوویان لەو حیزبانە کردووە، نەك وەك جلشۆرو ئاشپەزو نانکەرو... ( مەبەست لە بێ ڕێزی نیە بەو کارانە) بەڵکوو بۆ کاری سیاسی و پێشمەرگایەتی، بەڵام بەداخەوە لەنێو هێژموونو بیری پیاوسالاری‌دا لەپەروایێز خراون و بەهایەك بۆ زەحمەتەکانیان دانەنراوە. "

بەهەمان شێوە، خاتوو فەریبا محەممەدی، یەک لە کادرە ناسراوەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- ڕەوتی چاکسازی و گەشە، قسەی کرد و جەختی لەسەر لاوازیی پێگەی ژنان کردەوە و وتی:" من پێموایە ئەو پێگەیە لە ئێستادا زۆر لاوازە. ڕێژەیەکی زۆر لە ژنان لە حیزبەکاندا بەشدارییەکی چالاکانەیان بەرپرسیاریەتی ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان (نینا)ی لە ئەستۆیە، ڕۆڵی ژنانی بە کارا و ڕوو لە هەڵکشان پێناسە کرد و وتی:"دەتوانم بڵێم لە پارتی ئازادیی کوردستاندا ڕۆڵێکی کارا دراوە بە ژنان و لە بڕیارەکانی حیزبدا ڕاو


کوێستان فتووحی

بۆچوونیان هەیە. ئەوەندەی ئاگادارم پێگەی ژنان لە نێو ژمارەیەک لە حیزبەکانی تریشدا لە هەڵکشاندایە."

لە کۆتایی ئەم تەوەرە لە وتوویژەکەدا، دووبارە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، خاتوو ناهید حسەینی ، قسەی کرد. ناوبراویش ئامازەی بە ڕۆڵی ژن لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کرد، بەڵام بە پێی ئەزموونی 62 ساڵەی بەشداریی ژنان لە کاروباری سیاسیدا، پێگەی هەنووکەییانی نزم نرخاند و وتی:" لە سەرەتای دامەزراندنی یەکەمین حیزبی کوردی لە کوردستانی ئێراندا، ژنان بە پشتگیریی پێشەوا قازی محەممەد هاتنە مەیدانەوە، یەکێتی ژنان دامەزرا و چالاکیی کرد. ئەو ڕەوتە 62 ساڵە بوونی هەیە و هەتا ئەمڕۆ هاتووە، ئەیتوانی زۆر ژن لە ئاستێکی بەرزی سیاسیدا پەروەردە بکا، بەڵام ئێمە ئەبینین بەشداریی ژنان لە سەرکردایەتیدا یان لە ئاستی سەرەوەی ناو حیزبەکاندا بەگشتی کەمە."

لە تەوەرێکی دیکە لە دیمانەکەماندا، لە سەر بابەتەکە وردتربووینەوە و پرسیارمان کرد، لە حیزبی ئێوەدا چەند ژن لە ئاستی ڕێبەرایەتیدان؟

"زێنەب حسەینی" بەگشتی ، ئامارەی بە جێگیربوونی ژنان لە کۆمیتەی ئافرەتاندا لە سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و بەتایبەتی حزووری خۆی لە کۆمیتەی ناوەندیی ئەو ڕێکخراوەیەدا کرد و وتی:" ئێستا لە سازمانی ئێمەدا ژنان بەشی تایبەتیی خۆیان هەیە، ئەو بەشە کۆمیتەی ئافرەتانە کە ڕێکەوتی 7ی خەرمانانی 1381 بە هەوڵ و هیمەتی چەند ئافرەتێکی شۆرشگێڕ و بە پشتیوانی سەرکردایەتی سازمان دامەزرا. کۆمیتەی ئافرەتان لە ماوەی کارکردنی دا خزمەتی بەرچاوی کردووە بۆ نەهێشتنی ئاریشە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە سازماندا. ئێستا من بەرپرسی کۆمیتەی ژنانم و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیم و لە بڕیاردانیشدا هیچ جیاوازییەکم نیە لەگەڵ برایاندا."


هێرۆ جەڵدیانی

هێرۆ جەڵدیانی، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئامارەی بەوەدا کە حدکا،" وەك یاسا لە پرۆگرامەکەی خۆیدا ئەو مافەی بە ژن داوە کە لە نێو کۆمەڵدا مافی یەکسانی لەگەڵ پیاودا هەبێ و ژنان لە بەرەو پێشبردنی سیاسەتی ئەو حیزبە نەخشی باشیان هەبووە و هەڵوێستیان هەبووە،" هۆکارەکانیشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکی کوردییە و ژنان لە نێو ئەو حیزبە و کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشدا لەگەڵ ئەو موشکلانە بەرەوڕوو بوون و هەن." ناوبراو لە درێژەشدا ئامارەی دا کە "لە دوای کۆنگرەی 13ی حیزب(حدکا) کە لە ساڵی 2004ی زایینیدا پێکهات، بوارێکی نوێ بۆ ژنان لە نێو حیزبدا کراوەتەوە و ئێستا لە ڕێبەرایەتی حیزبدا 2 ژن وەك ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دیاریکراون و زۆر چالاکن. بێجگە لەمەش یەکێتی ژنانمان هەیە کە ژنان سەربەخۆن و کاروباری ئەو ڕێکخراوەیە بەڕێوەدەبەن و... هتد"

بەڕێوەبەری یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، مزگێنیی ئەوەی دا کە ئەگەر حیزبەکەی ڕۆیشتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژنی زۆریان هەیە کە توانای کار کردنیان لە ئاستی ڕێبەرایەتیی حدکادا دەبێ.

لە لایەکی دیکەوە، کوێستان فتووحی نەیشاردەوە کە لە ئاستی ڕێبەرایەتیی حیزبەکەیاندا چەندین ساڵە "تاقەنەیەك" هەبووە. ناوبراو ئاشکرای کرد کە بەشداریی ئەو کەسەش بۆ ڕازاندنەوەی سیمای حیزب بووە و بوونی 5-6 ژنی لە ئاستی ڕێبەرایەتیی حیزبدا، بە کارەساتێک بۆ پیاوان دایەقەڵەم و وتی:"بەبێ ئەوەی بێ ڕێزییەك بەو بەڕێزە بکەم، پێم وابێ بۆ ڕازاندنەوەی سیمای حیزب بووە، هەرچەند ئەو مافی خۆیەتی کە بگاتە پۆستێکی ئاوا، بەڵام بۆیە دەڵێم بۆ نیشاندانی سیمای دیموکرات بوونیان بووە کە ئەم ژنەش جێگای بۆتەوە، چۆنکە لە حیزبی ئێمەدا ژنانی دیکەش لە ئاستی ئاگایی و کارامەیی ئەو ژنەدا هەبوون، بەڵام بۆچی ئەوان نەگەیشتوونەتە ئەو پۆستانە، ئەوە شتێکی دیکەیە. لام وایە ئەگەر 5 ـ 6 و... ژن بووناییە لەو پۆستانەدا، ئەوە جێگەی 5ـ 6 پیاوی بەتوانا داگیر دەکرا. ئەمەش کارەسات دەبوو بۆ پیاوان!"

لە درێژەدا کوێستان فتووحی، دانی بەوە دانا کە چەند ژنی دیکەشیان لە ئاستی ڕێبەرایەتیدا هەیە و وتی:" لە دوای دوو کەرت بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بە خۆشییەوە، دوو ژنی دیکەش وەك ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی لە حیزبی ئێمەدا هەڵبژێردراون کە ئێستا بوونەتە 3 کەس."

هەروەها، فەریبا محەممەدی، نەگرتنی کۆنگرە لە پاش ئەو جیابوونەوەیەی لە ڕیزەکانیان ڕوویداوە ، بە هۆکاری ئەوە دانا کە تەنیا یەک ژنیان لە ئاستی ڕێبەرایەتیی حیزبەکەیاندا هەیە.


فەریبا محەممەدی

لە وەڵامی هەمان پرسیاردا، هامنۆ نەقشبەندی زۆر بە کورتی ڕێژەی ژنانی پارتی ئازادیی کوردستانی لە ئاستی ڕێبەرایەتیدا دایە ئەژمار و وتی:"ئێمە 3 ژنمان لە ئاستی ڕێبەرایەتیدا هەیە."

دوایین کەسیش کە لەم بوارەوە هاتە ئاخاوتن، ناهید حسەینی بوو. ناوبراو باسی لە ئەندامانی ژنی ڕیزەکانیان لە ئاستی ڕێبەرایەتیدا کرد و بەگشتی پێگەی ژنانی لەو ئاستەدا بە نزم و لاواز پێناسە کرد و ڕایگەیاند:" لە کۆمیتەی ناوەندیدا، وەکوو ڕاوێژکار، بەڕێزان "شکۆفە قوبادی" و "مریەم عەلیپوورن" کە لە پلێنۆمی ئەم دواییەی حیزبدا هەڵبژێران. بەگشتی، لە هەموو حیزبەکاندا ژنان چالاکیان هەیە، بەڵام من ئەو چالاکیانە کز و لاواز ئەبینم."....


ناهید حسەینی

لە ژمارەی داهاتوو درێژەکەی بڵاو دەبێتەوە